لە واقیعی ژیانەوە

# دایە سۆیبە مەرگەساتەکانی دەگێڕێتەوە





سۆزیار علی ...........................................

ئەگەر هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بڕواننە پایە بەرزو پیرۆزەکەی ئیسلام کە بووەتە تاکە ڕێگایەک بۆ هێنانەدی خەونەکانمانو جیاوازی نەکردنی لەنێوان پیاوانو ئافرەتانو پێشێلنەکردنی مافەکانی ئافرەت ئەوا ژیان تامو چێژێکی تری دەبوو، بەڵام بەداخەوە کەسانی دوور لە دینو دابونەریتە هەڵەکانی کۆمەڵگە ئافرەتان دەکەنە ئامانجی گڵاوی خۆیان، لێرەداو لەم دەرفەتەدا، دایکێکی خۆڕاگر کە بووەتە سووتەمەنی ئەو ئامانجە گڵاوە دەدوێنین.

ئەو لەساڵی ١٩٥٣ لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی لەدایکبووەو دەڵێت: ئێستا تەمەنم ٥٦ ساڵە لەگەڵ دوو خوشکە گەورەکەم لە خێزانێکی پڕ سۆزو خۆشەویستیدا دەژیان هەر لەتەمەنی منداڵیدا بووم دایکم دەمرێتو باوکم ژن دەهێنێتەوە، باجیەکەمان زۆر باش بوو لەگەڵماندا وەک منداڵی خۆی سەیری دەکردین، پاشان باجیەکەم کچێکی دەبێتو دواتر باوکم دەمرێت لەم کاتەدا تەمەنم تەنها ٣ ساڵ بوو.

بەمردنی باوکم دەرگای خۆشبەختی بەڕووماندا دادەخرێت، مامێکم هەبوو ڕازی نەبوو کە باجیەکەم بەخێومان بکات بەبیانووی ئەوەی کە گوایا کوڕمان نییەو هەموومان زەعیفەین نابێت بەتەنیا بژین، باجیەکەم دەردەکاتو ئێمەش دەباتە لای خۆیو دەست بەسەر ماڵی باوکماندا دەگرێتو دەیخوات، مامم دوو ژنی هەبوو ژنە گەورەکەی زۆر نەرمو نیان بوو لەگەڵمان، بەڵام لە ترسی مامە دڵڕەقەکەم نەیدەوێرا وەک پێویست نازمان بکێشێت.

پاش ماوەیەک خوشکە گەورەکەم دەدات بە شیربایی تەنها منو کچی باجیەکەم دەمێنینەوە، پاشان بە درێژایی ڕۆژگار ئیشی ماڵانی پێدەکردم وە ئێوارەش پارەکەی لێدەسەندم دەیوت تۆ خاوەنی خۆت نیت لەماڵی مندا دەژین، بەردەوام ژنە بچوکەکەی لێیدەداینو نەیدەهێشت نانێکی بێ فرمێسک بخۆین...

تا ڕۆژێکیان چی تر لەتوانامدا نەماو بەرگریم لەخۆم کرد لەکاتی لێدانمدا، بەڵام ئەو زیاتر تووڕە بوو قژمی بە پێستی سەرمەوە دەرهێناو تا ئێستاش جێگاکەی هەر ماوە، کە مامم هاتەوە خوشکە بچوکەکەم شکاتی لە ئامۆژنم کرد، بەڵام مامم بە گاڵتە پێکردنێکەوە وتی: دەستی خۆش بێت، ئەویش بە بیانووی ئەوەی قسەی گێڕاوەتەوە خوشکە بچوکەکەم داخ دەکاتو دواتر خوشکەکەم نەخۆش دەکەوێتو پاش ماوەیەک دەمرێتو بەتەنیا بۆ مەینەتیەکانی ژیان من جێمدەهێڵێت.

تەمەنم ١٢ ساڵ دەبێت بەزۆر دەمدات بەشوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند، من ڕازی نەبووم، چونکە کوڕێکی تووڕەو ناشیرین بوو، بەڵام پاش لێدانێکی زۆر بەناچاری ڕازی بووم، شیربایی منیشی وەرگرت بەسامانی باوکمو شیربایی خوشکەکەم تێر نەبوو منیشی فرۆشت! هاوسەرەکەم هەر لە سەرەتای ژیانی هاوسەریماندا وەک کۆیلەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکردمو بەردەوام لەگەڵ دایکیدا قسەی ناشیرینیان پێدەوتم، هەر دەموت خوایە جگە لەتۆ کەس ئاگای لەحاڵم نیە...

ڕۆژ تا ئێوارە ئیشم لەگەڵدا دەکردو کاتی نان خواردنیش دەبوایە بگەڕامایەتەوە ماڵەوە نانم بۆ ئامادە بکردایە، ئەگەر نان حازر نەبوایە ئەوا ئەو شەوە گەوڕ جێگەم بوو.

کات ڕۆیشتو تێپەڕی، خوای گەورە کچێکی پێ بەخشیم تا لە تەنیایدا نەمێنمەوە، بەڵام کاتێک کە مێردەکەم زانی کچم بووە هات ئەوەندەی لێدام تا لەهۆش خۆم چووم، کاتێک هۆشم هاتەوە کۆرپەکەم بەبێ نازو بەتەنیا دانراوە...

کچەکەم تەمەنی دووساڵو نیو بوو لە شەوێکی زستاندا دەریکردینو دراوسێکانیش لە ترسی مێردەکەم نەیاندەوێرا دەرگامان لێبکەنەوە، بەو شەوە ڕۆشتمەوە ماڵی مامم، کاتێک دەرگای لێکردمەوە تووڕە بوو ووتی: بۆ هاتوویتە ئێرە چیت لە من دەوێت بڕۆ ئەگینا دەتکوژم، گەڕامەوە ماڵە کاولبووەکەی خۆم...

منداڵەکەم نەخۆش کەوتو پاش دوو ڕۆژ کۆرپە ئەزیزەکەم مرد! زۆر لەخوا پاڕامەوە تا کوڕێکم بداتێ، بەڵکو تۆزێک باشبن لەگەڵم، خوای گەورە کوڕێکی پێ بەخشیم، بەردەوام پێیدەوتم تۆم کڕیوە کوڕ کوڕی خۆمەو بادایکم بەخێوی بکات نەیدەهێشت تەنانەت لە ئامێزی بگرم..

تا خوای گەورە کوڕێکی تری پێبەخشیمو خۆم بەخێوم کرد. ئازارەکانی ژیانم هەر بەردەوام بوو تا سێ منداڵی ترم بوو دوانیان بەهۆی نەخۆشییەوە مردن تەمەنیان ٣ساڵو ٤ساڵ بوو کە بە مێردەکەم دەوت با بیبەین بۆ لای دکتۆر، دەیوت بۆ چیەتی تۆ هەموو ساڵێک یەکێکت دەبێت با بمرن!!. لەساڵی ١٩٨٥ مێردەکەم تووشی نەخۆشیەک بوو بەهیچ جۆرێک نەیدەتوانی بجوڵێتەوە، دەبوایە نانم بکردایە بە دەمیەوە دایکیشی وایدەزانی منیش وەک ئەوان خراپم عارەقی شەرمەزاری دەڕشت..

تا هەشت ساڵ ئاوا مێردەکەمم بەخێوکرد، بێئەوەی بۆ تەنها جارێکیش کردەوە ناشیرینەکانی خۆیان بیربخەمەوە، خەسووم بەردەوام پێیدەوتم شەرمەزاری تۆین، منیش دەموت نا لاپەڕەی کۆن هەڵمەدەرەوە، لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ ئەو کوڕەی کە خەسووم بەخێوی کرد مرد، پاشان خەسوم بەرگەی ئەو خەفەتەی نەگرت لەساڵی ١٩٩٣دا ئەویش دەمرێت.

تەنها منو کوڕە تاقانەکەم دەمێنینەوە، کاتی گرانیەکەیش زۆر ناڕەحەت بووین، بەڵام هەر دەموت خوای گەورە لەو هەموو ناڕەحەتیە ڕزگاری کردین، ئێستاش هەر ڕزگارمان دەکاتو هەرواشبوو ساڵی ٢٠٠٤ کوڕەکەم خوێندنی تەواوکردو لەساڵی ٢٠٠٦ ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناو ئێستاش کوڕێکی دوو ساڵو کچێکی ٨ مانگیان هەیە، منیش بە تەنیا دانیشتووم تا ئەوان بەئاسوودەیی بژین، چونکە خۆم چێژی ژیانم نەکرد، بەڵام سوپاس بۆ خوا پشتوو پەنام هەر خوا بووە لەهەموو کاتێکدا وە ئەمانەم تا ئێستا لای کەس باس نەکردووە، لەبەرئەوەی کوڕەکەم بە ڕابردووی منەوە ئازار نەچێژێت وەئێستاش شانازی دەکەم بە کوڕەکەمەوە کە کوڕێکی تێگەشتووە لەدینو زۆر خۆڕاگرە...

## هەواڵو چالاکی خوشکان

### * بەریتانیا

-بەرواری ٢٠٠٩/١٢/١٦ خوشکە نەزاکەت حسەین، بابەتێکی بەناوی (وانە بێژی سەرکەوتوو و چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشکەش کردنی وانەیەکی سەرکەوتوو) بۆ ژمارەیەک لە کادرانی پێشکەوتووی لقی باشوری بەریتانیای یەکگرتوو لەشاری لەندەن پێشکەش کرد.

هەمان ڕۆژ کۆڕێکی بۆ ژمارەیەک ژنی کورد لەشاری لەندەن لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵ و کاریگەری یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لە بەرەو پێش بردنی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی و یاسایی ژنانی کورد لە دامەزراندنیەوە تاوەکو ئەمرۆ) کرد.





### * لقی ڕانیە:

-بەرواری ٢٠٠٩/١٢/٨ وەفدێکی لقی ڕانیەی خوشکان کەپێک هاتبوو لە بەرپرسی لق نیگار حەمەد و فاتمە ئیبراهیم ئەندامی لق سەردانی نوسینگەی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنانی لە راپەرین کردو لە لایەن ڕائد حەسەن بەڕێوەبەری نوسینگەو نشێو عبداللەو چەند کارمەندێکی تر پیشوازیان لێ کرا.

وەفدی ناوبراو پیرۆزبایی و نرخاندنی ڕۆڵ و ماندوبونیان ئاراستە کرد و هیوای زیاتر بەخەمبوونی کێشەکانی خواست لەم دەڤەرە.

رائد حەسەن زۆر سوپاسی لقی خوشکانی کرد و بە لقێکی چالاکی نرخاند لەم دەڤەرە کەڕۆڵی بەرچاوی هەبووە بۆ هوشیار کردنەوەو هەماهەنگی کاری ڕێکخراوەیی ..